r8:Layout 1 4/3/2010 5:36 PM Page 1



# لەسەردەمی پاش تازەگەریدا لەجیاوازی ناترسین
# د. محەمەد کەمال لەکۆڕێکی زانکۆی سلێمانیدا

ئامادەکردنی:
یاسین عومەر ئیبراهیم و محەمەد قادر

سالی پار د.محەمەد کەمال لەگەڕانەوەیدا بۆ کوردستان و لەسەربانگهێشتی بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی کۆڕێکی پێشکەش کرد. بابەتی کۆڕەکە یەکێک لەپرسە فەلسەفیە گرنگەکانی چەند دەیەی رابردوی خۆرئاوایە کە ئەویش هاتنەئارای فەلسەفەیەکە بەناوی "پاش تازەگەری".د.محەمەد لەچەند خاڵێکدا وبەگشتی گرنگترین خەسڵەتەکانی ئەم فەلسەفەی بۆ ئامادەبوان خستەرو کە ئەمە دەقەکەیەتی.

واتای پاش تازەگەری چیە؟ یاخود ئەمرۆ بۆچی جۆرە فەلسەفەیەک یان جۆرە بۆچونێک هەیە پێی دەوترێت پاش تازەگەری؟ وەکو ئەزانن "پاش" مانای دیاریکردنی قۆناغێکی کاتییە. ئێمە دەڵێین پاش نیوەڕۆ یاخود پاش کۆڕەکەمان. لێرەدا وشەی' پاش کۆڕەکەمان' کاتێکی تردیاریدەکات، کە دێتە کایەوە. کەواتە "پاش" دیاریکردنێکە لەبارەی کاتەوە. پاش تازەگەریش دیاریکردنێکە، کە پوەیەندی بەتازەگەریەوە هەیە. لەبەر ئەم مەبەستەشە بەبێ تێگەیشتنمان لەتازەگەری ناتوانین لەپاش تازەگەری بگەین. ئەم پەیوەندیەش لەنێوان تازەگەری و پاش تازەگەرییدا زەروریە چونکە پاش تازەگەری ئاماژە بۆ قۆناغێکی دوای تازەگەری دەکات. ئەگەر بۆ چونەکانی ئێمە پاش تازەگەریانە بن دەبێ بزانین چۆن توانیومانە خۆمان بەم قۆناغە بگەیەنین. ئایا خسڵەتەکانی پاش تازەگەری‌چین و چۆن دەتوانین بەخۆمان بڵێین بیریارێکی پاش تازەگەری؟ بۆ ئەمەش پێویستە لەروانگەی تازەگەرییەوە واتای پاش تازەگەری بدۆزینەوە. پێش باسکردن یاخود لێکۆڵینەوە لەسەر پاش تازەگەری پێویستە واتای تازەگەری‌لێکبدەینەوە. ئەم لێکدانەوەیەش دەبێت لەبۆ چونێکی فەلسەفییانەوەبێت چونکە وەکو وتم بیرکردنەوەی فەلسەفییانە بیرکردنەوەیەکی تایبەتە و لەجۆرەکانی تری بیرکردنەوە جیاوازە. یەکێک لەخەسڵەتە گرنگەکانی بیرکردنەوەی فەلسەفییانە داهێنان و رەخنەیە. هیچ بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی بەبێ رەخنەگرتن و داهێنان دروست نابێت. داهێنان و رەخنەگرتنیش لەسەر زەمینەی پرسیارکردن دادەمەزرێن. ئێمە تاکو پرسیار نەکەین ناتوانین خۆمان بەقۆناغێکی تر بگەیەنین. پرسیارکردنیش ئاماژەکردنە بۆ "نەزانین". لێرەدا وشەی "نەزانین" بەشێوەی نێگەتیڤ یاخود نەرێ بەکارناهێنم. بەدیدی من، دەە جۆر نەزانین هەیە: پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ. نەزانینی پۆزەتیڤانە ئەوەیە کە من شتێک نازانم و لەرێگەی ئەو نەزانینەوە هەوڵ ئەدەم بەزانینێک بگەم. راستییەک ناناسم و هەوڵ ئەدەم لەرێگەی ئەو نەزانینەوەبەو راستییە بگەم. لێرەدا نەزانین دەبێ بە رێچکەیەک بۆ فێربون و گەیشتن بەراستی. بەڵام جۆرە نەزانینێک هەیە پێی دەوترێت نەزانینی نێگەتیڤ یان نەرێ. ئەمەش لەوێدا سەر هەڵدەدات، کەکەسێک نەزانێت نازانێت. ئەم جۆرە نەزانینە بەپێچەوانەی چۆری یەکەمەوە نەزانینێکی کوشندەیە. ئەگەر من نەزانم نازانم و پێموابێت ئەو شتە هەرئەوەیە کە من باسی دەکەم و خۆم بەزانایەکی گەورە بزانم، و بلیمەت دابنێم، نەزانینە. ئەگەر پرسیارێکم لێبکرێت من ئەو کاتە وەڵا مەکەم لا نەبێت یان نەزانم و بەدوای وەڵامەکەدا بگەرێم وخۆم بەو نەزانینە بگەیەنم، ئەم جۆرە نەزانینە پۆزەتیڤانەیە. ئێمە لەفەلسەفەدا پشت بەنەزانینی پۆزەتیڤی دەبەستین ، هەوڵ ئەدەین وەڵامی پرسیارەکان بدەینەوە، داهێنەرانە و رەحنەگرانە وەڵامی پرسیارەکان بدۆزینەوە و مامەلەلەگەڵ شتەکاندا بکەین کە لەدەوروبەرمان هەن. ئەمش خسڵەتێکی گرنگی فەلسەفەیە.

لێرەدا، کە من باسی پاش تازەگەری‌دەکەم لەروانگەیەکی فەلسەفییەوە بۆی دەچم نەک لەروانگەیەکی ئەدەبی و هونەرییەوە. ئەدیب و هونەرمەندەکانیش باسی پاش تازەگەری دەکەن. بەڵام دەبێ هەمویان ئەو زەمینە فەلسەفییە بناسن، کە ئەمرۆ بەپاش بونیادگەری ناوزەد دەکرێت. ئێمە لەزمانی ئینگلیزیدا دو جۆر زاراوە بەکاردەبەین کەبەداخەوە هێشتا ئێمە لەکوردیدا ئەم زاراوانەمان نیە. بۆ نمونە دەڵێین: پاش مۆدەرنیزم یان پاش مۆدەرنەتی. یەکەمیان بۆ فەلسەفەی پاش تازەگەری و دوەمیان بۆ کەلتوری پاش تازەگەری بەگشتی کە هەمو لایەنە هونەری و ئەدەبییەکانیش دەگرێتەوە بەکاردەهێنرێن. لەزمانی ئینگلیزیدا "پۆست مۆدێرنیزم" دەبێتە بزوتنەوەیەکی فیکری، وەکو مارکسیزم یان فێمەنیزم.

ئەمرۆ لەخۆرئاوادا بزهوتنەوەیەکی گەورە هەیە بە ناوی بزوتنەوەی هۆمۆسێکچولیتی یاخود هاوجنسخوازی، کە بەدیاردەیەکی پاش تازەگەری دادەنرێت. شوێنکەوتوانی ئەم بزوتنەوەیەش باسی‌پاش تازەگەری دەکەن بەڵام بەشێویەکی فەلسەفییانە تەماشای کێشەکە ناکەن. جا لێرەدا باسەکەی من باسێکی فەلسەفییانەیە و دەمەوێت بنەما فەلسەفییەکانی پاش تازەگەریرون بکەمەوە..

ئایا ئەو بنەمایانە چین، کە ئێمە لەرێگەیانەوە دەتوانین بۆچونەکانی پاش تازەگەری بناسینەوە؟ بەڵام گرنگە لەبیرمان نەچێت، کە پاش تازەگەری مشتومری زۆری لەسەر کراوە و زۆر زانا هەن چەمکی پاش تازەگەری‌بەکارناهێنن. بەدیدی ئەوان،ئێمە بەقۆناعی دوایی تازەگەری گەیشتوین. بەڵام زۆر کەسیش هەن بوێرانە خۆیان بەبیریارانی پاش تازەگەری دادەنێن. تەنانەت لەرۆژئاوا زۆر مۆدێل سەریهەڵداوە و بەمۆدێلێکی پاش تازەگەرییە ناسراوە. هەندێک لەگەنجان جۆرە جلێک لەبەر دەکن، کە رێکەتنێک لەنێوان رەنگەکان یاخود مۆدێلەکاندا نیە و ئەڵێن ئەمە دیاردەیەکی پاش تازەگەرییە. ئەمەش پەیوەندی بەم فەلسەفەیەوە هەیە کە من لێرەدا دەمەوێت بەچەند خاڵێک رونیبکەمەوە.

ئەگەر بمەوێت بەکورتی پێناسەی پاش تازەگەری بکەم دەڵێم : پاش تازەگەری رەتکردن ورەتدانەوەی تازەگەرییە. پێویستە ئێمە تازەگەری رەتبکەین و لەهەمانکاتدا رەتیشی بدەینەوە. میتۆدێکی رەخنەکرانە بگرینە بەر بۆ هەڵوەشاندنەوەی بنەماکانی تازەگەری. ئەگەر نەتوانین تازەگەری هەڵنەوشێنینەوە خۆمان بەقۆناغێکی تازەی بیرکرنەوەلەدیو تازەگەرییەوە ناگەیەنین. ئەو رێچکەیەی لەفەلسەفەی پاش تازەگەریدا گرتومانەتەبەر پێی دەوترێت رێچکەی "هەڵوەشاندنەوە". ئەم رێچکەیەش لەهایدیگەرەوە دەستپێکردوە و هایدگەر یەکەم بیریارە باس لەهەڵوەشاندنەوە دەکات. ئەو لەکتێبەکەیدا "بون وکات" مێژوی مێتافیزیکی هەڵوەشاندۆتەوە. تاکو ئێمە ئەو مێژوە هەڵنەوەشێنینەوە ناتوانین مێژویەکی تر بۆ فەلسەفە دروست بکەین. لەبەرئەمەش هەمو بیریارانی پاش تازەگەری بەتایبەت "دێریدا" کە فەیلەسوفێکی فەرەنسییە هەڵی هەڵوەشاندنەوەی بنەماکانی تازەگەری‌داوە تاکو خۆی بەقۆناغێکی نوێی بیرکردنەوەی فەلسەفی بگەیەنێت. ئێمەچۆن ئەو بنەمایانە هەڵوەشێنینەوە، یاخود ئەو بنەمایانە چین، کە دەمانەوێت هەڵیانوەشێنینەوە؟ لێرەوە خسڵەتەکانی فەلسەفەی پاش تازەگەری باسدەکەم وسیما و رەواڵەتی فەلسەفەی پاش تازەگەری‌دەردەخەم.

گرنگترین بنەما یاخود گرنگترین خسڵەتی فەلسەفەی پاش تازەگەری بریتیە لە"هەڵوەشاندنەوەی سیستەم"ە. بۆ رونکردنەوەی ئەم خاڵەش بۆ فەلسەفەی تازەگەری دەگەرێمەوە. فەیلەسوفەکالانی تازەگەری هەمیشە هەوڵی دامەزراندنی سیستمێکی فەلسەفییان داوە. دیارترین نمونەش فەلسەفەی دیالێکتیکییە کە دو روی هەیە ؛ رویەکی هیگڵی‌و رویەکی مارکسی، ئایدیالی و مادی. هیگڵ و مارکس ، کە پەیرەوی دو جۆری جیاوازی فەلسەفی دەکەن، لەسەر بنەماکانی لۆجیکی دیالێکتیکی سیستمێکیان بۆ هەمو لایەنەکانی بون دامەزراندوە. ئەم سیستمە نەک تەنها تەفسیری مێژو دەکات بەڵکو تەفسیری هەمو دیاردەیەکی ناو گەردونیش دەکات. بەگوێرەی ئەوان هەر دیاردەیەکی سروشتی و مێژویی هەبێت لەبەر رۆشنایی ئەو سیتەمەدا دەتوانین لێی تێبگەین، گرنگیش نیە ئەو دیاردەیە لەچی شوێن و کاتێکدا بێت. هەروەک خۆشتان دەزانن مارکسیستەکان (تەنانەت مارکسیستە کوردەکانیش) کاتێ پێناسەی بزوتنەوەی کوردایەتیان دەکرد، دەیانخستە شێوازی خەباتی چینایەتییەوە. ئەگەر ئەو بیردۆزە دیالێکتیکییە بەسەر ئەم بزوتنەوەیەدا نەچەسپایە، ئەم بزوتنەوەیە ناوێکی تری لێدەنرا،دەبو بەبزوتنەوەی کۆنە پەرستانە، بزوتنەوەیەکی دەرەبەگانە یان سەر بەئیمپریالیزم و دونیای بۆرژوازی. ئەمە



جۆرە سیستمێک بو کە بڕوایان پێی بو. هیگڵیەکانیش هەمان بۆچونیان هەبو. ئەگەر تۆ بیردۆزەت هەبێت،ئەگەر سیستمێکت هەبێت،هەمو شتەکان ئەخەیتە بەر رۆشنایی ئەو سیستمە و تەفسیری دەکەیت. لێرەداجۆرە بەستنەوەیەک لەبیرکرنەوەدا دروست دەکەیت. جۆرە دۆگمایەک دروست دەبێت. هەر شتێک نەیەتە بەر رۆشنایی ئەو سیستمە تۆ رەفزی دەکەیت و باوەری پێناکەیت.

بیریارانی پاش تازەگەری لەو باوەرەدان نابێ ئێمە سیستە ممان هەبێت. نابێ خۆمان بە بیردۆزەوە ببەستینەوە چونکە بیردۆزە یاخود سیستم دەبێتە هۆی ئیفلیجکردنی بیرکردنەوەی فەلسەفییانە. بەڵام ئەم زانایانەی کە بڕوایان بەوە بو ئێمە دەبێ سیستم هەڵوەشێنینەوە، لەسەردەمی‌لاوێتیاندا، کە فەلسەفەیان دەخوێند مارکسیست بون. میشێل فۆکۆ ئەندامێکی خزبی کۆمۆنیست بو. دێریدا مارکسیستبو. بەهەمان شێوە ئەوانی‌دیکەش لەسەردەمی خۆیاندا مارکسیستی توندڕەویش بون. بەڵام دوایی گەیشتنە ئەو باوەڕەی سیستمێک ناتوانێت تەفسیری هەمو شتەکانمان بۆ بکات. بۆ پێشخستنی بیرکردنەوە دەبێ سیستم هەڵوەشێنینەوە و نابێ بیردۆزەمان هەبێت. ئەوان بانگەشەی مردنی "مێتاگوتار"یان کرد. مێتاگوتار لەزمانی ئینگلیزییداپێی دەوترێت (مێتانیرەتیڤ). مێتا لەبنەڕتدا یۆنانییەو واتای پاش یان دوەیی دەبەخشێت). مێتا گوتار بەکوردی واتە بیردۆزە.

نابێ بیردۆزەیەکمان هەبێت تەفسیری شتەکانی پێبکەین چونکە هەمو دیاردەیەک لەگەردوندا خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە و پێویستە تەفسیرێکی جیاوازی بۆبکرێت. بیریارانی پاش تازەگەری لەژێر کاریگەری فەلسەفەی نیتشەوە ئەمجۆرە بیرکردنەوەیان هێناوەتە ئاراوە. بیرمان نەچێت نیتشە بەدامەزرێنەری بیروباوەری پاش تازەگەری دادەنرێت و هەمو بیریارانی پاش تازەگەری (فۆکۆ،دێریدا و...هتد) سودیان لەبۆچونەکانی وەرگرتوە. نیتشە هەمو شتێکی هەڵوەشاندۆتەوە. ئەو لەکتێبەکەیدا"زەردەشت وادەڵێت" بانگەشەی مردنی خوا دەکات. دیارە مەبەستی نیتشە لەمردنی خوا ئەو خوایە نیە کە موسڵمانەکان یان مەسیحییەکان نوێژی بۆ دەکەن. ئەو باسی خوایەکی فەلسەفی دەکات. مەبەستی ئەوەیە هیچ هێزێکی هۆشەکی لەپێشتر نیە ژیانی بەئێمە بەخشی

> ■ لەفەلسەفەی تازەگەریدا مرۆڤ بونێکی گیانەکی هەیە. خاوەنی ناوەرۆکێکی گیانەکییە. با بیخەینەوە سەر زمانی ئایینی و بلێین: مرۆڤ رۆح و لەشیشی هەیە

بێت و سیستمێکی بۆ دانابین. هەر سیستمێک هەبێت تۆ داتهێناوە وخۆشت دەتوانی هەڵیوەشێنیتەوە. کەواتە سیستمێکی جیهانی نیە ئێمە پەیرەوی لێبکەین. یاخود نابێت ئێمە بیردۆزەیەکمان هەبێت تەفسیری هەمو دیاردەیەکی ناو بون بکەین. ئەبێت ئەو دیاردانە بەجیاواز تەماشا بکرێن و هەر دیاردەیەک بونی تایبەتی خۆی هەیە..

پاش هەڵوەشاندنەوەی سیستم یاخود ئەگەر لەزمانی خودی نیتشەوە بڵێم پاش مردنی خوا، نیشتە کەسێکی تریشی کوشتوە. لەگەڵ خوادا کەسێکی دیکەشی مراندوە. میشێل فۆکۆ گوتەیەکی جوانی هەیە دەڵێت:"مردنی خوا ئەوندە بۆ ئێمە گرنگ نیە. ئەوەی گرنگە لای ئێمە کوشتنی مرۆڤە". نیتشە بەمردنی خوا مرۆڤیش دەکوژێت. ئایا مەبەست لەکوشتنی مرۆڤ چیە؟

لەفەلسەفەی تازەگەریدا مرۆڤ بونێکی گیانەکی هەیە. خاوەنی ناوەرۆکێکی گیانەکییە. با بیخەینەوە سەرزمانی ئایینی و بلێین: مرۆڤ رۆح و لەشیشی هەیە.

ئەم کێشەیە لەدێکارتەوە سەریهەڵداوە. بۆ دێکارت مرۆڤ ناوەرۆکێکی گیانەکییە. لەمنداڵیەوە گەورە دەبێت و دەمرێت بەڵام گیانی کە ناوەرۆکێکی نەگۆرە وەکو خۆی دەمێنێتەوە و گۆرانی بەسەردا نایەت. گۆڕانی لەش کار ناکاتە سەر لایەنی گیانەکی مرۆڤ. نیتشە ئەم ناوەرۆکە گیانەکییەی رەتداوەتەوە. کەسێک باوەری بەبونی خوا نەبێت باوەری بەرۆحیش نیە یان باوەری بەجەوهەری گیانەکیش نیە. ئەگەر مرۆڤ جەوهەری گیانەکی نەبێت چییە؟ وابزانم هەموتان فیلمەکەی ئارنۆڵد شوارتزنیگەرتان بینیوە بەناوی (تێرمینەیتەر)، کە تاکو ئێستا سێ بەشی لێدەرچوە. مرۆڤێکی تێدایە نیوەی‌لاشی گۆشت و نیوەی مەکینەیە. مەکینەیەک کە وەک مرۆڤ بیر دەکاتەوە و هیچ شتێک کاری تێناکات و نامرێت. ئەمە بۆچونێکی پاش تازەگەرییانەیە بۆ بونی مرۆڤ چونکە مرۆڤ ناوەرۆکێکی گیانەکی نیە. مەکینەیەکە لەخوێن و ئێسقان وگۆشت پێکهاتوهو دەتوانێت بیر بکاتەوە. هیچ جۆرە جیاوازیەکی لەگەڵ کۆمپیۆتەرێکدا نیە. لێرەدا لایەنی ناوەوەی مرۆڤ یاخود "خۆ"ی مرۆڤ ون بوە. ئەمە کاریکردۆتە سەر بیردۆزە ئەدەبیەکانی پاش تازەگەریئە کەسە کێیە شیعرە دەنوسێت؟ ئایا شاعیر جیهانی ناوەوە (خۆ)ی هەیە؟ ئایا دەتوانین لەرێگەی شیعرێکەوە بەجیهانی ناوەوەی شاعیر بگەین یان نا؟ هونەرمەندێکی شێوەکار کە تابلۆبەکمان بۆ دەکێشێ کێیە؟ دەتوانین پێناسەی بکەین؟ ئایا ئەو هونەرمەندە "خۆ"یە؟ "زات"ە یاخود مەکینەیەکە و ئەو بەرهەمەمان بۆ دروست دەکات؟ لێرەدا بیریارانی تازەگەری باسی مردنی مرۆڤ دەکەن بەڵام مەبەستیان مردنی مرۆڤی تازەگەرییە، کە دێکارت و زانایانی تازەگەری باسیانکردوە. لەمردنی ئەو مرۆڤەی نێو فەلسەفەی تازەگەییەوە باسی مردنی نوسەر دەکەن. ئایا نوسەر هەیە یان نیە، ئەگەر هەبێت چۆن پێناسی نوسەر ئەکەین؟ ئایا نوسەر ئەو ناوەرۆکە گیانەکییەیە کە دێکارت وزانایانی تازەگەری باسی دەکەن؟ یاخود ئەو مەکینەیەیە زانایانی پاش تازەگەری لێی دەدوێن؟

بیریارانی پاش تازەگەری مردنی‌مرۆڤیان بەمردنی خواوە بەستۆتەوە. مردنی مرۆڤیش کاردەکاتە سەر بیردۆزە ئەدەبی و هونەرییەکان و ئەبێت بەمردنی نوسەر. بەبیروباوەری ئەم بیریارانە ئێمە هاتوینەتە جیهانێکەوە، کە هیچ سیستمێکی تیانیە و هەر شتێک هەبێت خۆمان دروستمان کردوە. ئێمە لەو رۆژەوە لەدایک بوین ناوێکمان بەسەردا سەپێنراوە. پەیرەوی ئاینێک و دەستەیەک بەهای رەوشتی دەکەین، کە خۆمان دامانەهێناوەن و خۆشمان دەتوانین هەڵیان وەشێنینەوە. ئەگەر سیستەم نەبێت و مرۆڤیش ئەو ناوەرۆکە گیانەکییە نەبێت، کەواتە ئێمە هیچ بەهایەکی هەمەکیشمان نیە هەمو کەسێک پەیرەوی بکات. بەها رەوشتیەکانی ئەمرۆ کۆمەڵ بەسەر ئێمەدا سەپاندویەتی. لەبەر ئەوەی تاکەکەنی کۆمەڵ ئەم بەهایانەیان دانەهێناوە، پێیستە لێیان یاخی بین و بۆ جۆرە بەهایەکی رەوشتی، کە بریتیە لەبەهای هەندەکی نەک بەهای هەمەکی، بگەرێینەوە. ئەو بەها رەوشتییانەی من هەمە لەبەهای رەوشتی کەسێکی دیکەوە جیاوازە. ئەوەی بۆ من چاکە رەنگە بۆ کەسێکی دیکە خراپ بێت. لەبەر ئەم هۆیە پێناسەکردنمان بۆ چاکە و خراپە لەسەردەمی پاش تازەگەریدا بەردەوام دەگۆرێت.

لەم بۆچونەوە خسڵەتێکی دیکەی پاش تازەگەری‌دوای " هەڵوەشاندنەوەی بەهاکان" هەڵوەشاندنەوەی زانینی هەمەکیشە. ئەو زانینەی هەمانە پەیوەندی بەهەر دەزگایەکەوە هەبێت، یاخود زانینێک بێت پەیوەندی بەتاکەکەسەکانەوە هەبێت.(ئەوەی من دەیزانم، ئەوەی لەدەزگایەکی گەورەی وەک زانکۆی سلێمانیدا باسدەکرێت) ئێمە بەخوێندکارەکانی دەدەین زانینێکی هەمەکی نیە، بەڵکو زانینێکی هەندەکییە، کە ئەمرۆ دەگونجێت و سبەی ناگونجێت. زانینێکە ئەمرۆ راستە و سبەی راست نیە. بۆنمونە ئێمە بۆ ماوەیەکی درێژ پەیرەوی جۆرە فیزیایەکمان دەکرد کە ئەرستۆ بۆی دانابوین. دواتر نیوتن بیروباوەری ئەرستۆی بەدرۆ خستەوە و فیزیایەکی تازەتری بۆ هێنایەکایەوە. ئەنشتاین بیروباوەرەکانی نیوتنی رەتکردەوەو فیزیایەکی تازەتری بۆ ناسینی سرەشت دامەزراند. بەمجۆرە زانین بەردەوام لەگۆراندایە. ناتوانین زانینێکی هەمەکی یاخود رەهامان هەبێت یان بڵێم ئەوەی من دەیزانم دوا زانینە و پاش من ئیدی کەس ناتوانێت پوچەڵی کاتەوە. لە سەردەمی تازەگەریدا ئەم بانگەشەیە رویدەدا، بۆ نمونە مارکسیستەکان لەو باوەرەدابون فەلسەفەی مارکسیستی دوا فەلسەفەیە، هیچ فەلسەفەیەکی تر ناتوانێت هێندەی مارکسیزم تەفسیرێکی تەواوی مێژومان بۆ بکات. بەهەمانشێوە هیگڵ کە پێش مارس ژیاوە دەیوت من دوا پێغەمبەری فەلسەفەم و هیچ کەسێک دوای من ناتوانێت فەلسەفەیەکی تازەتر بێنێتە کایەوە. ئەگەر بێت و باسی شتێکی تازەش بکات دەبێ لەناو زەمینەی مندا ئەو فەلسەفە تازەیە بخولقێنێت و گەشەی پێبدات. ئەمە جۆرێک لەو خۆبەزلزانینە دەگرێتەوە کە لەفەلسەفەی تازەگەریدا هەبو. بەڵام زانایانی پاش تازەگەری بڕوایان بەو خۆبەزلزانینە نیە و هەمو شتێک بەرێژەیی و کاتی دادەنێن

دواخاڵ دەمەوێت باسی بکەم لەفەلسەفەی پاش تازەگەریدا "ژیانەوەی جیاوازیەکان"ە. "

لەسەردەمی تازەگەریدا سیستەمە فەلسەفییەکان باوەڕیان بەتەفسیرێکە یەک لایەنی بۆ هەمو شتێک هەبو. ئەوانەی پەیرەوی سیستەمی فەلسەفەی دیالێکتیکی هیگڵیان دەکرد پێیانوابو دەتوانن تەفسیری هەموشتێک بکەن و دەسەڵاتێکی رەهایان بۆ ئەم مەبەستە بەخۆیان دەدا. مارکسیستەکان دەیانگوت تەفسیری ئێمە بۆ سروشت و مێژو زانستانەیە و لەدوای ئێمە هیچ تەفسیرێکی زانستی دیکە نیە. یان هەرچ تەفسیرێکی تر هەبێت بۆرژوازی و کۆنەپەرستانە و سەربەئیمپریالیزمە و بەمجۆرە دەیان ناوناتۆرەی تریان لێدەنا. هەمو رەنگەکانیان دەکرد بەیەک رەنگ جیاوازییەکانیان لەناودەبرد.

لەفەلسەفەی تازەگەریدا جیاوازی هەمیشە لایەنێکی هەرەشەکەربوە. لایەنێک بوە کەلێی ترساون. بەدیدی هیگڵ، دو راستەقینەمان لەجیهاندا هەیە. یەکەم راستەقینەی هۆشە و دوەمیش راستەقینەیەکە، کە لەدەرەوەی هۆشدایە. ئەوەی لەدەرەوەی هۆشدایە، شتێکی بێگانەیە. دەبێتە لایەنێکی ترسناک بۆ بونی هۆش. هۆش لەرێگەیەکی دیالێکتیکییەوە جیاوازیەکانی خۆی لەگەڵ ئەو بێگانەیەدا لەناو دەبات. ئەمەش لەرێگەی داکیرکردنی بێگانەکە رودەدات. هۆشبواری سەرهەڵدانی جیاوازییەکان دەگرێت. پراکتیزەکردنی ئەمجۆرە فەلسەفەیە لەسیاسەتدا بوە هۆی پەیدابونی جۆرە بزوتنەویەکی سیاسی بەناوی فاشیسم،نازیزم...بۆ لەناو بردنی جیاوازی، تەنانەت مارکسیەکانیش لە سەردەمی ستالیندا هەوڵی لەناوبردنی جیازایەکانیان دەدا. هەر بیروباوەرێکی سیاسی یان فەلسەفی ئەمرۆ بیەوێت جیوازییەکان لەناوبەرێت هەڵوێستێکی فاشیستانەی هەیە و. پاشئەم جۆرە فەلسەفە سیاسییە دەکەوێت.

لەسەردەمی پاش تازەگەرییدا لەجیاوازی ناترسین چونکە جیاوازی راستەقینەیەکە لەبوندا و دەبێ خۆشبوێت،رەنگەجیاوازەکانمان خۆشبوێت. ئەمەش بوەتە هۆی دروستبونی چەندین بزوتنەوەی جیاواز لەرۆژئاوادا بەبێ ئەوەی ئەو بزوتنەوە جیاوازانە خۆیان بەناشیرین بزانن. جیاوازییەکان لەوەدا نیە کە من کەسێکم لەتۆ باشتر یان کەسێک لەتۆ پێشکەوتوتر بم. جیا وازیەکان لەوەدایە کە تۆ خاوەنی کەلتور و فەرهەنگی خۆتی. منیش خاوەنی کەلتور و فەرهەنگی خۆمم. من و تۆ دو کەسی جیاوازین، خاوەنی بیرو باوەری جیاوازین، بەڵام ئەمە ئەوەناگەیەنێت تۆ لەمن باشتر و من لەتۆ کەمتربم..

ئەمە لەهونەر ئەو ئەدەبیشدا رەنگیداوەتەوە. لەخۆرئاوا زۆر لایەنی هونەری هەن، بۆ نمونە، بەدوای هونەری کوردیدا دەگەرێن. بۆچی؟ چونکە هونەری کوردی بەشتێکی جیاواز دەزانن. لەسەردەمی تازەگەریدا شتە جیاوازەگان ترسناک بون و هەوڵ دەدرا لەناویان بەرن. بەڵام ئەمرۆ دەڵێن پێویستە ئێمە بەو جیاوازیانەوە بژین چونکە جیاوازی ناشیرین نیەو جوانە.■

ڕەخنەی چاودێر
ی. سەرپەرشتیار
محەمەد نوری ئەحمەد
mhamad_nury@yahoo.com
بەرێوەبەری هونەریی
سۆران عەبدوڵڵا نەقشبەندی
soranmail@yahoo.com
www.cawder.org
٠٧٤٨٠١٢٤١١٧